# له رۆژی قیامەتدا ئیماندار نزیک دەکرێتەوە لە پەروەردگاری -عز وجل-، هەتا دای دەپۆشێت لە چاوی خەڵکی، ودان دەنێت بە تاوانەکانی

له سه‌فوانی كوڕی موحریزه‌وه‌ ده‌ڵێت: پیاوێك ووتی به‌ ئیبن عومه‌ر -ڕه‌زای خوایان لێبێت-: چیت بیستووه‌ له‌ پێغه‌مبه‌ری خوداوه‌ -صلى الله عليه وسلم- سه‌باره‌ت به‌ (نه‌جوا:قسه‌ی نهێنی)؟ ووتی: بیستوومه‌ فه‌رموویه‌تی: «له رۆژی قیامەتدا ئیماندار نزیک دەکرێتەوە لە پەروەردگاری -عز وجل-، هەتا دای دەپۆشێت لە چاوی خەڵکی، ودان دەنێت بە تاوانەکانی، پەروەردگار دەفەرموێت: «ئایا دەزانیت؟»، دەڵێت: بەڵێ، پەروەردگار دەزانم، پەروەردگار دەفەرموێت: «من لە دونیادا تۆم پۆشی وسیترم کردی، وئەمڕۆ لە تۆ خۆش دەبم»، بۆیە کتێبی کردەوە چاکەکانی پێدەدرێت، بەڵام کافر ومونافیقەکان؛ لەپێش هەموو خوڵقێنراوەکان بانگ دەکرێن (دەووترێت): ئەمانە درۆیان کرد بەناوی خوای گەورەوە».

[سه‌حیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- باسی گفتوگۆی نێوان الله وبه‌نده‌ی ئیماندارمان بۆ ده‌كات له‌ ڕۆژی قیامه‌تدا، ده‌فه‌رموێت: ئیماندار له‌ ڕۆژی قیامه‌تدا نزیك ده‌كرێته‌وه‌ له‌ په‌روه‌ردگار؛ هه‌تا په‌روه‌ردگار دایده‌پۆشێت وسیتری ده‌كات له‌ خه‌ڵكی بۆئه‌وه‌ی نهێنیه‌كانی نه‌زانن، وپێی ده‌فه‌رموێت: ئایا ئه‌و گوناهه‌ وئه‌وی تر ده‌زانیت... دانی پێدا ده‌نێت له‌سه‌ر ئه‌و گوناهانه‌ی له‌ نێوان خۆی وپه‌روه‌ردگاری كردوویه‌تی. ده‌ڵێت: به‌ڵێ ئه‌ی په‌روه‌ردگار. هه‌تا ده‌گاته‌ ئه‌وه‌ی به‌نده‌ی ئیماندار ده‌ترسێت وداده‌چڵه‌كێت، الله -سبحانه وتعالى- پێی ده‌فه‌رموێت: من له‌ دونیادا تۆم داپۆشی وسیترم كردیت، وئه‌مڕۆ له‌و گوناهانه‌ت خۆش ده‌بم، بۆیه‌ تۆماری كرده‌وه‌ چاكه‌كانی پێده‌درێت. به‌ڵام كافر ومونافیق له‌ پێش هه‌موو خه‌ڵكی بانگ ده‌كرێن: ئه‌وانه‌ درۆیان كرد به‌ناوی په‌روه‌ردگاریانه‌وه‌، نه‌فره‌تی الله له‌سه‌ر سته‌مكاران.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4242